Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

Kurdish Human Rights Association    Tel: +46707458478

kmfsverige@gmail.com

# کوشتاری ئێزیدیەکان لە شەنگار

**هەواڵی دڵتەزێنی کوشتاری بێ بەزەییانەی ئێزیدیەکان لە دەڤەری شەنگار دڵی هەر مرۆڤیکی بە هەستی بزواند و قێز و توڕەیی کۆمەلگای لە تیرۆر و کوشتار ئەوەندەی تر بەرز کردەوە و رووحی رەشی نەیارانی ئاسایش و هێمنی و زوحاکانی دەورانی بۆ هەموو کەس ناساند.**

**کەمەینەی ئایینی ئێزیدیەکان کۆمەلگایەکی هێمن و ئاشتیخواز و مرڤدۆستن و لە هەمو پارچەکانی کوردوستان لە پەنا ئایینەکانی تر بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە ژیاون و لە توووند و تیژی دووریان کردوە و تێکۆشاون لە ناو کۆمەلگادا بە شێوەیەکی هێمنانە ژیانی خۆیان بەرنە سەر .**

**ئەم شێوە توووند و تیژی و تێرۆر و تینوو بە خوێنی خەلک، شێوەو مێتۆدی ئێسلامی سیاسیە و کانیاو و سەرچاوەکەی لە کۆماری ئێسلامی ئێرانەوە هەڵدەقولێت و بە هەماهەنگی لە گەڵ نەیارانی کورد و خۆفرۆشانی خۆماڵی ئەم شێوەکاری نادێمۆکراتیک و کوشتار و لەبەین بردنی فیزیکی خۆراکی رۆژانەی ئەم زۆحاکمەسلەکانەیە.**

**ئێمە وەک کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئوروپا سەرەخۆشی خۆمان بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەم روداوە ڕادەگەیەنین و ئارەزووی سەرساخی و چاک بوونەوە بۆ بریندااران دەخوازین .**

2007-08-15

**کۆمەلەی مافی مرۆڤی کورد–ئوروپا**